# عەدنان کەریم بۆ هاوڵاتی: شەرم ئەکەم کەهونەرمەندێکم ئاوا سوکایەتی بەهونەر دەکرێت




**سازدانی: هێمن حەسەن – ئاڵا لەتیف**

**هونەرمەند عەدنان کەریم پێی وایە راگەیاندنی کوردی رۆڵی خرپی گێراوە لەبڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانەی لەئاستێکی هونەری گونجاودا نین، هەروەك رەخنە لەگرنگینەدان بەوانەی هونەر دەگرێت لەخوێندنگاکاندا. عەدنان کەریم لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەی هاوڵاتیدا باس لەدواکاری هونەری خۆیو پلانەکانی دەکاتەوە بۆ پێگەیاندنی گەنجان.**

**هاوڵاتی: لەدوای گەڕانەوەت لەئەوروپا، ئێستا کاتەکانت چۆن بەسەر ئەبەیت، چ بەراوردێك ئەبینی لەنێوان ژیانی ئێرەو ئەوروپادا؟**

**عەدنان کەریم: من هەتا ئێستاش بەتەواوەتی نەگەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، چونکە نیوەی خێزانم لەکوردستانەو نیوەشی لە ئەوروپایە، کوڕە بچوکەکەم لە چواری ئامادەیە هەرکاتێك تەواوی کرد خۆی بڕیاردەدات بێتەوە یان لەوێ بێت بۆیە، ناتوانین هاتنەوەی خۆمان یەکلایی بکەینەوە، بەڵام کەزانیمان گەیشتە قۆناغە دانیشگا(زانکۆ)، ئەوکات ئەتوانێت خۆی بەڕێوەبەرێت، ئەگەر نەشهاتەوە دەبێت ئێمە بێینەوە واتە چەندساڵێکی تر بەیەکجاری بێینەوە لەبەرئەوەی کوڕوکچێکی ترم لەکوردستانن جار جارە دێمەوە بۆ لایان، لەبارەی کاری هونەرەکەشەوە کردومە بەدووبەشەوە، بەشێك لەستۆدیۆکەم هێناوەتە ئێرەو بەشێکی تریشی لەسویدە، لەهەردولا کاری خۆم دەکەم بەو شێوەیە کاتی خۆم کە لێرەم بەسەر یدەبەم.**

هاوڵاتی: هەندێ کەس دەڵێن زۆر حەزت لەژیانی لادێیو سروشتی کوردستانە، ئەم حەزە پەیوەندی بە ئیلهام وەرگرتنەوەهەیە لە سروشت یان ژیانی شار بێزارت ئەکات ؟

عەدنان کەریم: راستیەکەی قەرەباڵغی شار خۆشیو ئیلهام بەخش نییە بۆهونەرمەندان، نەك لەکوردستان لەهەموو دونیا وایە، لادێو هەوای پاکی سروشتی کوردستان هەمیشە ئیلهام بەخشە بۆهەموو کەسێك، بۆ هونەرمەندانوشاعێران، لەلایەکی تریشەوە ئەو حەزە دەگەڕێتەوە بۆمناڵی، بیرمە کە لەپۆلی چواری سەرەتایی بووم تا شەشی سەرەتایی کە دەیان وت ئەمرۆ هاوینە، لەماڵەوە گڕوم ئەگرت بۆ ئەوەی بمنێرنەوە بۆ لادێ ئیتر سێ مانگی هاوین لەوێ ئەژیام نەدەهاتمەوە بۆ شار، لەبەر ئەوە ئەو حەزی مناڵیە هەتاکو ئێستاش هەر گەورە بووە، بۆیە کەدێمەوە بۆ کوردستان ناتوانم نەچمەوە بۆ شارباژێرو ئەو سروشتە، چونکە ئەو سروشتە گەورەترین خۆشی بەرووحم دەدات هەر ئەوەیە حەزم لەهەوای پاك دەکەمو دەمەوێ دور لەقەرەباڵغی بم، چونکە زۆر ئیلهام بەخشە بۆ هەموو کەسێك نەك هەر بۆمن.

هاوڵاتی: پرسیارێك زۆر دوبارە دەکرێتەوە بەڵام پێویستە بەردەوام بکرێت، ئاستی ئێستای موزیكوگۆرانی کوردی چۆنە، خوێندنەوەت لەسەر ئەم ئاستەی ئێستای چییە کە زۆرێك بەقەیران ناوی دەبەن؟

عەدنان کەریم: خۆی هونەری مۆسیقا بەگشتی لەهەموو دونیادا بەرەوە ئاقارێکی تێکەڵو پێکەڵی ئەچێت، دونیای کوردیش جاران ئەو هەموو هونەرمەندە هەبوو هەر لەتایەر تۆفیقوحەسەن زیرەکەوە بیگرە تائەوانی تر ئەوانە ناوی گەورەنو وردە وردە لەگەڵ جیهانگیری وای لی َدێت کەم ئەبێتەوە، یەعنی ئێمە نابێت تەنها مۆسیقای کوردی تۆمەتبار بکەین کە ئاوای لێ بەسەر هاتووە، ئەوە جیهانە گەیشتۆتە ئەو ئاساتەو ئەو تێکەڵو پێکەڵییە، بەڵام تایبەتمەندیەك هەیە بۆ کورد لەناوچەکەدا لەروانگەی ئەوەی ئێمە دەوڵەت نیینو خەون بەدەوڵەتی خۆمانەوە دەبینینو ناوچەکەشمان لەژێر کاریگەری مۆسیقای عەرەبیو تورکی فارسی دایە، چونکە ئێمە ژێردەستی رژێمی ئەو نەتەوەیانەین، نەك نەتەوەکان خۆیان ، چونکە من هەموو نەتەوەکانم خۆش دەوێت ئەوانە ئینسانن منیش بەدڵ ئینسانم خۆش ئەوێت، بەڵام رژێمەکانیان وایان کردوە کەئێمە ژێردەسەتەی کلتورەکەی ئەوان بین، جا بۆیە ئەوە دەکەوێتە سەر شانی گۆرانیبێژو هونەرمەندو نوسەرەکانمان خۆیان لەژێر ئەو کاریگەریە بێننە دەرەوەو لەژێرسێبەری ئەوان خۆیان نەنوێنن، هونەرمەندی کورد باخۆی بێت، یەعنی من نامەوێت لاسایی هونەری عەرەبیو فارسیوتورکی بکەمەوە، چونکە ئەوان ناوی خۆیان هەیە، بۆیە دەمەوێ لەناوچەکەی خۆماندا ئەو پێناسەیە دروست ببێت کە هونەری کوردیش ناسنامەی خۆی هەیە، لێرەدا ئەوە دەردەکەویت ئەگەر هاتوو گەڕەلاوژێیەك هەبێت لەناو مۆسیقای کوردی ئەمە حاڵەتێکە وابزانم لەناو هەموو میللەتێکدا هەیە، یەعنی لۆمەی کەس ناکەم، بەڵام تەنها لۆمەی راگەیاندن دەکەم، راگەیاندنی کوردی بۆ پڕکردنەوەی کاتەکانی خۆی کاری خراپ پیشان دەدات ئەگەر هاتوو تەلەفزیۆنێك زانی کاتی هەیە نازانێ بەچی پڕی بکاتەوە دایخات باشترە، لەبەر ئەوە حاڵەتێکە هەموو راگەیاندنەکان دەیانەوێ ناسنامەی خۆی بپارێزێن نەك ناسنامەی نەتەوەکەی خۆی.

هاوڵاتی: واتە پێت وایە گەڕەلاوژێ لەناو مۆسیقاو گۆرانی کوردی دروست بووە؟

عەدنان کەریم: من ئەوە بەویستو سەربەستی ئینسان دەبینم، گەنجێکەو حەزی لەگۆرانیە، بەڵام تۆبڵێ گەرەلاوژێ لەراگەیاندنی کوردی دروست بووە نەك لەمۆسیقای کوردی، بەراستی مۆسیقا سەربەستیەکی تەواوی ئینسانە، هەیە حەزی لەگۆرانی تورکیە هەیە لەفاسیو عەرەبیو نەتەوەکانی ترە، واتە کەسێك بەئاسانی نەچێت لەتەلەفزیۆندا گۆرانی بڵێت، دەبێت تەلەفزیۆنەکە داواکاری هەبێت بڵێ ئەو گۆرانیە دەبێت گۆرانیەکی کوردی بێتو رەسەن بێت تایبەت بێت بەخۆمان ئینجا بڵاوی بکاتەوە، ئەگینا لەدەرەوەی تەلەفزیۆن ئینسان سەربەستە چۆن گۆرانی دەڵێتو هەرچی هەڵدەبژێرێت ئێمە ناتوانین سەربەستی تاکە کەسەکان زەوت بکەین، بۆیە راگەیاندن دەبێت مەرجی هەبێت بۆئەوەی کوالێتیەکی جوانو ناسنامەیەکی جوانی هەبێت واتە خەڵکانی تایبەتمەند لەناو کەناڵەکان هەبێت، بۆنموونە لە سوید رۆژانە گەنجەکان گروپێکی مۆسیقاو گۆرانی دروست دەکەن، ئەمانە دەچنە شوێنێك بۆخۆیان گۆرانی دەڵێن، بەڵام ناچنە سەر تەلەفزیۆن گۆرانی بڵێن، بۆیە دەبێت تەلەفزیۆنەکان مەرجی خۆیان هەبێت ئەوانە کێن گۆرانی دەڵێن ئەو کلیپانە چین کەپیشان دەدرێن، بۆیە گەڕەلاوژێکە لەناو راگەیاندنی کوردی دایە نەك مۆسیقای کوردی.

هاوڵاتی: بۆچونێك هەیە پێی وایە کاتێك تۆ لەگەڵ موزیسیانەکانی هەرێم کاردەکەیت بەرهەمەکانت مۆرکی سلێمانی وەردەگرێت، بەڵام کاتێك لەگەڵ کامکاران کار دەکەیت مۆرکی رۆژهەڵات بەتایبەتی ناوچەکانی سنەو مهاباد وەردەگرێت، چۆن وەڵامی ئەو بۆچوونە دەدەیتەوە؟

عەدنان کەریم: ئەم پرسیارە قورسە ئاگات لێی بێت کە تۆباسی سنە ئەکەیت سنە کوردستانە، مۆسیقاکەشی کوردیە، کوردستانی گەورە بەتەنیا هەرێمی کوردستان نییە، چۆن دیالێکتەکان جیاوازیان هەیەو هەمووشیان کوردن بۆ مۆسیقاکەش هەر وایە، بەڵام ئەگەر من لەگەڵ گروپێکی سنەیی گۆرانی بڵێم ئەوا گۆرانیەکانم لەسنەیی بچێتو سنەیەکانیش پێیان خۆش بێت ئەوا ئەوپەڕی خۆشحاڵ دەبم یان گۆرانیەکی کرماشانی بڵێم خەڵکی کرماشان پێان خۆش بێت کە ئەوانیش‌و منیش کوردین زۆر خۆشحاڵم دەکات، یان زۆر حەز دەکەم لەگەڵ گروپێکی موزیکی دیار بەکر گۆرانی بڵێم، بۆیە دەبێت ئێمە خۆمان لەگەڵ مۆسیقای کوردی ئاوێتە بکەین لەهەر جێگایەك بێت جا لەسنەبێت یان لەسلێمانی‌و قامیشلویان دیار بەکربێت، حەز دەکەم سلێمانی‌و هەرێمی کوردستان بچمەدەرەوە، هەموو پارچەکانی کوردستان بۆمن وەکو یەکە لە هەر شارێکی کوردستان کەسێك پەنجەی خوێنی لێ بێت دڵم ئازاری پێ دەگات.

هاوڵاتی: لەبارەی کوشتنی ژنانەوە ئەمەوێ پرسیارێکت لێ بکەم، ئایا کاری هونەرمەند نییە بەتێکستەکانی بەگۆرانیەکانی کاربکەن بۆ رووبەرووی ئەودیاردەیە، ئایا بەنیازی پرۆژەیەك نیت لەوبوارەدا؟

عەدنان کەریم: من کارم لەگەڵ خانماندا کردوە بۆنمونە لەگەڵ تارا جاف کارم کردوەوە ئاوازم بۆ چەندین خانمی هونەرمەند داناوە، هەوڵمداوە ئەوەی لەتواناما دابووبێت پشتگیریان بکەم، مەسەلەی گۆرانیش بەشێکی زۆر لەگۆرانیەکان باسی جوانی ئافرەت دەکات ئەوەش خۆی لەخۆیدا گرنگی زۆری هەیەو وەدژی هەموو توندوتیژیەکم کەبەرامبەر بەژنان دەکرێت، بەڵام بۆ گۆرانیەکی دیاری کراو هەمیشە حەزدەکەم رووبەروی شیعرێك ببمەوەکە نەوترابێت بەراستی تایبەت بێت بۆیە حەزناکەم شتی دروشم ئامێز بڵێمەوەو جێگا نەگرێت، کاریشم بۆ هەموو کارەساتەکانی کوردستان وتووەو جێگای خۆشی گرتووە، بەڵام نامەوێ کارێك بکەم جێگا نەگرێت بۆ ئەوەی بڵێن عەدنان کەریم گۆرانی بۆ توندوتیژی دژ بەژنان وتووەو کارەکەش باش نەبێت حەز بەوە ناکەم لەراستیدا بۆیە دەمەوێ کارێکی باش بکەم لەم رووەوە، بەڵام دەبێت رووبەرووی شێعرێکی جوان ببمەوە.

هاوڵاتی: چ پەیوەندیەك لەنێوان غوربەت‌و هونەردا هەیە؟ ئایاغوربەت ئەتوانێت هونەر لەناخی کۆچەردا بکوژێت؟
عەدنان کەریم: ئەوە شتێکی رێژەییە لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام هەموو هونەرمەندێك هەموو کەسێکی ناسراو کە بۆ وڵاتەکەی خۆی ناسراوە یان کارێکی هونەری کردوە کە دەچێتە هەر جێگایەك ئامانجەکەی چییە؟ لەهەر جێگایەك بیت دەتوانێت کاری خۆی بکات، ئامانج گرنگە، لەوانەیە ئامانجی من ئەوە بووبێت دەمویست رۆژێك فێری مەقام بم لە عەلی مەردانەوە بۆ ئەوەی گەنجی کوردیش فێری مەقام بێت کە ئەوە ئامانجی من بێت دەبێت هەوڵی بۆبدەم کاری بۆ بکەم، بۆیە هەر کەسێك ئامانجی هەبوو لەئەوروپا بێت یان لەهەرجێگایەکی تر بێت کاری خۆی ئەکات‌و سەر ئەکەوێت،بەڵام هەمیشە دەروازەیەك هەر هەیە بۆئەوەی بتوانی رزگارت بێت‌و کاری خۆت بکەیت، کارکردنیش لەهونەردا هیلاك بونی ئەوێ و شەونخونی پێویستە.

هاوڵاتی: لەروداوەکانی 17 شوباتدا بێ دەنگ بویت، پێت وابوو کە خۆپیشاندانەکە سیاسی بوو؟ یان هۆکاری ترت هەبوو؟

عەدنان کەریم: من هەمیشە ئەوەم وتووە دەبێت هونەرمەند بەردەوام لەبەرەی گەلدا بێت لەبەرەی هیچ حزب‌و سیاسەتێکدا نەبێت، بۆ ئەو روداوانەی لەکوردستان روویانداوە بەردەوام قسەی خۆم هەبووە، ئەگەر ئێوە خوێندبێتتانەوە وتارێکم لەسەر رووداوی 17 شوبات نوسیبوو لەرۆژنامەی ئاوێنەدا بڵاو کرایەوە ئەوکاتە دەزانن هەڵوێستی من چۆن بوە بەرامبەر بەکوشتنی گەنجی ئەم وڵاتە، کاتێك حزبێك گەنجێك ئەکوژێت وەك هونەرمەند دەبێت بەرەنگاری ببیتەوەو ناتوانیت خۆتی لێ بەدوور بگرێت، من پەیوەندیم بەهیچ حزبێکەوە نییەو هەموشیانم خۆش ئەوێت رقم لەهیچ حزبێك نییە چونکە بەهەموویان کۆمەڵگەکەیان پێك هێناوە، بەڵام رقم دەبێتەوە لە کردەوەیەکی خراپ کە بەرامبەر میللەتەکەیان دەیکەن، ئەو وتارەی کە نوسیبووم راگەیاندنەکان ئۆپۆزسیۆنیش بڵاوی کردەوە، ئەوە حاڵەتێك بوو ناتوانیت لێی بێدەنگ بیت، ناش بێت واسەیری هونەر مەند بکرێت کە لە سەر مەسەلەیەك قسەی نەکرد بەبێ هەڵوێست لێك بدرێتەوە ئەو بیرکردنەویەکی باش نییە بەرامبەر هونەرمەند بکرێت، ئەی ئەو بەرهەمانەی کەهونەرمەند دەری دەکات کە چەندکارێکی قورسە ئەی ئەوە خزمەتی وڵات نییە؟ ئەی نابێت خەڵك هەست بەوە بکات رۆژنامەنوسان هەست بەوە بکەن؟ بۆیە کە کەسێك قسەی نەبوو لەسەر بابەتێك ناکرێت ئەوە بەبێ هەڵوێستی لێك بدرێتەوە.

هاوڵاتی: هەست بەبۆشایی هونەر دەکەیت لەناوسیستەمی پەروەردەدا؟ پێت وایە وەزارەتی پەروەدە لەو رووەوەکەمتەرخەم بووە؟

**عەدنان کەریم: لەزۆربەی وڵاتاندا هونەر وانەیەکی زۆر بایەخدارە زۆربەی خەڵك لە قوتابخانەکان فێری مۆسیقاو گۆرانی دەبێت، بەراستی سیستەمی پەروەردەی ئێمە ئەو کەموکوڕیەی هەیەکە دەبێت حسابی ئەوە بکات کە کەسێك لەپەیمانگاکان دەردەچێت لەبەشەکەی خۆیدا لەقوتابخانەیەك دایبنێن تا گەنجی کوردو مناڵی کورد فێری مۆسیقا بکات مێشکیان زیاتر بکرێتەوە، چونکە مۆسیقا بەشێکی گرنگی ژیانە، بۆیە پێم وایە کەمتەرخەمی لەسیستەمی پەروەردەی کوردستانادا زۆرە، دەبێت کەسانی پسپۆڕو شارەزا بێنن زیاتر گەشەی پێ بدەن، باخچەی ساوایانو قۆناغی سەرەتایی، قۆناغی دروست کردنی مرۆڤایەتین، بەراستی هەست دەکەم ئەو دووقۆناغە فەرامۆش کراون، کاتێك قوتابخانەدا ئەڵێن قوتابخانەی سێ دەوامی هەیە من ئەڵێم دوو دەوامی نەمێنێت ئەگەر سێ دەوامی هەبێت هەر زۆر خراپە نەك هونەر بۆ وانەکانی تریش خراپە.**

**هاوڵاتی: لەبەشێك قوتابخانەکاندا زۆر جار وانەی هونەر ناخوێنن لەجیاتی ئەوە وانەکانی تر ئەخوێنرێت پێت وایە هونەر بەو شێوەیە پێشبکەوێت؟**

**هاوڵاتی: بەراستی ئەوە بەس لەوڵاتانی دواکەوتوو ئەوشتە هەیە زۆر ناخۆشە، من شەرم ئەکەم کەهونەرمەندێکم ئاوا سوکایەتی بەهونەر دەکرێت لەسیستەمی پەروەردا شتی واهەیە، ئەوە سوکایەتی کردنە بەخودی هونەر، ئەوە شتێك نیە قبوڵ بکرێت، دەبێت وەزارەتی پەروەردە ئەو کارە بنەبڕ بکات، کێشەکە ئەوەیە لەم وڵاتەدا هەر قسەیەك لەرۆژنامەو تەلەفزیۆن ئەکەیت هیچی ناگاتە شوێنی خۆی، زۆرێك لەبەر پرسان ئەوشتانەی پەیوەندی بەئەوانەوە هەیە کە دەبێت ئەوان کارەکە بکەن ئەسڵەن نایخوێننەوە، بۆیە ئەگەر لەجیاتی وانەی هونەر وانەکانی تر بخوێنرێت ئەوە بێ رێزی کردنە بەهونەری ئەگەر کەسێك لەسیستەمی پەروەردەدا نەیتوانی رێز لەهونەر بگرێت یەعنی رێز لەهونەرمەندەکانی خۆی ناگرێت، جا هیوادارم کە ئەوە نەمێنێت چۆن گرنگە بەوانەکانی تر ئەدرێت دەبێت ئاواش گرنگە بەوانەکانی هونەر بدرێت، ئەگەر بڵێم مامۆستا فڵان وانەکەت وانەی هونەر بیدە بەمن دەیکەم بەبیرکاری لەراستیدا ئەوە بێ رێزیە بەرامبەر مامۆستا ئەکرێت، ئەبێت ئەو مامۆستایە خۆی ئەوەی قبوڵ نەبێت ئەو کارە بکات، بۆیە هونەر قورسایی خۆی هەیە چۆن ئەبێت ئەوە بکرێت.**

**هاوڵاتی: تائێستاش کەسانێك هەن باس لەوە دەکات کە مۆسیقاو گۆرانی حەرامە، تۆ وەڵامت بۆ ئەمە چییە؟**

**عەدنان کەریم: بەپێچەوانەوە ئەوان بەهەڵەداچوون، چونکە هەرچی قورئان خوێنەکانی دونیا هەیە هەموویان شارەزای مەقامەکانن کەسێکی دینداری وەکو عەبدول باست کە قورئان دەخوێنێت دەزانم لەسەر چ مەقامێك وتویەتیوچۆنی وتووە، هەموویان گوێیان لەمۆسیقا گرتوە، تەنانەت بانگ وتن پەیوەندی بەمەقامەوە هەیە پەیوەندی بەئاوازەوە هەیە ئەوە مۆسیقایە ئیتر ئەوەی ئەو شتانە دەڵێت ئەوە فەتوای خۆیەتی.**

**هاوڵاتی: لەئێستادا هیچ پرۆژەیەکی هونەریت بەدەستەوەیە؟**

**عەدنان کەریم: دواپرۆژەم سیدییەکە بەناوی بادەی گوڵرەنگ بەشی یەکەمی تەواو بووەو هەفتەیەکی تر دەکەوێتە بازاڕەوە کە پێکهاتووە لەحەوت مەقام لەگەڵ بەستەیەکیش هەتا توانیبێتم بەکوردی وتومە، هەوڵمداوە ئەو مەقامانە بخەمە بەردەستی گەنجی کورد بتوانن مەقامەکان بناسنو شارەزایان ببن ، بۆ ئەلبومەکەش هاوکاریم لەکۆمەڵێك هاوڕێی نزیکی خۆم وەرگرتوەکە کەسانی سەرمایەدارنوهاوکاری تەواوی منیان کردوە، حەزم کردوە لەئەوانی وەر بگرم نەك لەکەسی تر، یەك ساڵە ئەو ئەلبومە کاری تێدا دەکەمو یەك ساڵە لەسوید وازم لەکارەکەم هێناوە بۆ ئەوەی ئەلبومەکەم تەواو بکەم.**

**هاوڵاتی: باست لەوە کرد یارمەتی کەسێك ئەدەم کە بیەوێت گۆرانی بڵێت بە چ مەرجێك؟**

**عەدنان: یەکجار یارمەتی دەدەم بەمەرجی ئەوەی دواتر ئەو کەسە خۆی هەوڵ لەگەڵ خۆی بدات، من کە ئاوازێك بۆ گەنجێك دادەنێم نابێت بۆ مانگێکی دیکە بێت داوای ئاوازێکی دیکەم لێبکات، دەبێت ئەو کەسە بیر بکاتەوە لەوەی خۆی هیلاك بکات بۆئەوەی بگاتە ئەوەی پێویستی بەکەسێکی دیکە نەبێت بەردەوام ئاوازی بۆ دابنێت، کاتێك من گەنج بووم عودێکی شکاوم کڕیو لەماڵەوە بە تێپ چاکم کردەوە من چۆن خۆمم فێری مۆسیقاو دانانی ئاواز کرد دڵخۆش دەبم کە گەنجەکانیش بەم قۆناغانەدا بڕۆنو بۆخۆیان لەسەر پێی خۆیان بوەستن.**

**هاوڵاتی: بیرت لەدانانی ئەکادیمیایەك نەکردۆتەوە کە کاری پەروەردەکردنی دەنگ بکات؟**

عەدنان: من ئەگەر ئەکادیمیایەك بکەمەوەو ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیە هەڵبگرم دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆم بکەم کە ئایا کاریگەری لەسەر کارەکەی خۆمو هونەرەکەم نابێت، من هێشتا لە قۆناغی فێربووندامو پرۆفیشناڵ نیم، من مامۆستا نیم لەبوارەکەی خۆمدا، بەڵکو خەڵك پێمدەڵێت مامۆستا.

من ئەوەی کە فێری دەبم ئامادەم بیبەخشم، بەڵام ئەو پرۆفیشناڵە نیم کە لەقوتابخانەیەکدا دابنیشمو خەڵکانی دیکە فێر بکەم، ئەگەر توانیم هەموو زنجیرەکانی سێدیی بادەی گوڵڕەنگ تەواو بکەمو زانیم کە تەواو هەموو جۆرەکانی مەقام فێر بووم، ئەو کاتە رەنگە بیرۆکەی دانانی ئەکادیمیایەك شیاو بێت.

هاوڵاتی: تەواو بوونی هەموو زنجیرەکانی سیدی بادەی گوڵڕەنگ چەند ساڵی پێویستە؟

عەدنان: بەبەردەوامی ئیشی بۆ دەکەم، لەوانەیە سێ ساڵی دیکە بخایەنێت، بەڵام لەکۆتاییدا هەمووی کۆدەکرێتەوەو وەکو سیدی دەخرێتە کتێبێکەوەو لە کتێبەکەدا نۆتەی مەقامو هۆنراوەکان دەنوسرێتەوەو دەبێتە پرۆگرامێکی خوێندن بۆ خوێندکاران، ئامانجی من لەبڵاوکردنەوەی ئەو سێدییانەش تەنها بەرهەمێك نییە، بەڵکو ئامانجێکی پەروەردەییم هەیە بۆ داهاتوو، ئەو خوێندکارەی توانای خوێندنەوەی نۆتەی هەیە دەتوانێت بیخوێنێتەوەو فێر ببێت، ئەوەش کە توانای نییە دەتوانێت گوێبگرێتو لەبەری بکات